# هۆکارەکانی بە رۆژەڤبوونی پرسی زمانی دایك لە ئێران

14-12-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

کاردۆ بینەر|

لە ماوەی رابردوودا، پەرلەمانی ئێران پرۆژە یاسایەکی لەبارەی زمانی دایک لە خوێندنگە و زانکۆکانی وڵاتەکەی داڕشت و بەشێوەی سەرەتایی پەسەندی کرد. بەپێی پرۆژەکە پێویستە ئیدی حکومەت دەرفەتی راهێنان و فێربوونی زمانە خۆجێیی و نەتەوەییەکان لە قوتابخانە و زانکۆکاندا برەخسێنێت.

دەوڵەتی ئێران چۆن بەرامبەر بەم داواکارییە گرنگەی گرووپ و نەتەوە جیاوازەکان نەرمیی نواندووە؟ ئەمە مەبەستی ئەم وتارەیە.

پاڵنەری سەرەکیی ئەو پرۆژە پەسندکراوەی کۆمیسیۆنی فێرکاری و توێژینەوەی پەرلەمانی ئیران، نوێنەرانی کورد و تورکی پەرلەمانی ئێران بوون. خاڵی جێگەی سەرنج لێرەدا رێککەوتن و کاری هاوبەشی هەندێك لە نوێنەرانی دوو گرووپی نەتەوەیی جیاوازی ئەم ناوچەیە سەبارەت بە پرسی زمانی دایك لە ئێران، ئەویش لەکاتێکدا کە لە هەندێك شوێنی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێکهاتە نەتەوەییەکانی هەردوولا بەریەك دەکەون.

بەپێی هەندێك لە زانیارییەکان (جەلال مەحموودزادە) نوێنەری مەهاباد رۆڵی سەرەکی لە گەڵاڵەکردنی ئەم پرۆژە یاسایەدا هەبووە و، بە یارمەتیی نوێنەرانی کوردی دیکە وەک (ئەنوەر حەبیبزادە) و نوێنەرانی تورک زمان لە کۆمیسیۆنی فێرکاری و توێژینەوەی پەرلەمان دا، بە واژۆی ۳۰ نوێنەری دیکە پێشکێشکراوە.

مەحموودزادە کە سێ خولی بەردەوامە وەک نوێنەری مەهاباد لە پەرلەمانی ئێراندایە، سەبارەت بەو پرۆژە یاسایە دەڵێت:" جێبەجێکردنی ئەم سیستەمی خوێندنە و، شێوازی وانەگوتنەوەی کتێب بۆ قۆناخە جیاوازەکان، لە ماوەی ٦ مانگ لە راگەیاندنی یاساکە، بە پێشنیازی وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەبێت و، لەلایەن کابینەی حکومەتەوە پەسند دەکرێت."

غوڵامڕەزا مونادی سفیدان، نوێنەری تورکی (ئازەری) تەورێز، ئوسکو و ئازەرشار، کە سەرۆکی کۆمیسیۆنی فێرکاری و توێژینەوەی پەرلەمانە و داکۆکیی لە پرۆژەکەی مەحموودزادە کردووە و، رۆڵی بەرچاوی لە پەسندکردنی پرۆژە یاساکە لە کۆمیسیۆندا هەبووە، گوتوویەتی:" نێوەڕۆکی ئەم پرۆژە یاسایە، کە جێبەجێکردنی ماددەی پازدەی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، لە زۆربەی بەڵگە و پەیماننامە یاساییە مرۆییەکان و، هەروەها لە دەستووری بنەڕەتی ئێمەشدا جێگیر کراوە. زمانە ناوچەیی و نەتەوەییەکانی ناوچە جیاوازەکانی وڵات، خەزێنەیەکی پڕبەهان کە بەداخەوە وردە وردە لەنێودەچن. بۆیە پێویستە ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان بۆ پاراستنیان بدەین".

ئێران وڵاتێکی فرە ناسنامەیە و پێکهاتوو لە نەتەوە، زمان، ئایین و ئایینزا فرە چەشنەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵام پاش دامەزراندنی دەوڵەتانی نوێ لە ناوچەکەدا، کە لە ئێراندا بۆ کۆتایی سەردەمی قاجەرەکان و بە واتایەکی روونتر بۆ دەستپێکی پاشایەتیی رەزا شای پەهلەوەی دەگەڕێتەوە، دیاردەی باو لەلایەن دەوڵەتەوە، پشتگیری و ئاراستەکردنی سیاسەتی یەک زمان و یەک ئایین بووە و زۆر جاریش، ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە لەگەڵ گوشار و پەراوێزخستن و جیاکاریدا رووبەڕوو بوونەتەوە. ئەم دۆخە لە وڵاتێکی وەک تورکیای ژێر دەسەڵاتی ئەتاتورکدا زۆر قورستر و دژوارتر بوو. بە واتایەکی دیکە لە سەت ساڵی رابردوودا، چ لە سەردەمی رژیمی پاشایەتیی پەهلەوی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، دوو پێوەری زمانی فارسی و مەزهەبی شیعە، کۆڵەکەی سەرەکی ئەو ناسنامە فەرمییە بووە کە حکومەتی ئێران کاری بۆ کردووە.

بەدرێژایی دەیەکانی رابردوو، کۆمەڵێك گۆڕانکاری و وەرچەرخانی بنەڕەتی و شۆڕشی تەکنۆلۆژیا، پەیوەندی سنووری کۆن و کلاسیکییەکانی تاڕادەیەک ونکردووە و لە ئاکامدا، ناسنامە لە بیرکراو و پەراوێزخراوەکان دەرفەتێکی نوێ و بەهێزیان بۆ خۆدەرخستن و ژیانەوە دۆزیوەتەوە. ئەم دیاردە لە وڵاتانی وەک ئێران، تورکیا و... زیاتر لە وڵاتانی دیکە خۆی دەرخستووە و، لە ساڵانی رابردوودا بووەتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی چالاکی تێکۆشەران و نوێنەرانی لایەنە نەتەوەیی و زمانی و ئایینییە جیاوازەکانی ئێران.

سەبارەت بە فێرکاریی زمانی دایک، گۆڕانکارییەکانی دەرەوەی سنوورەکانیش پێوەرێکی کاریگەرە. تۆخبوونەوەی ئینتیمای پان تورکی لە دوو وڵاتی کۆماری ئازەربایجان و تورکیا لەلایەک و، بەهێزبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق لەگەڵ کۆمەڵێک هۆکاری دیکەی جیهانی، ناوچەیی و ناوخۆیی، رۆڵیان لە وروژاندنی ویستی ناسنامەخوازیی لە ئێراندا گێڕاوە. رەنگە لەبەر ئەم هۆکارانە بێت کە چالاکڤانانی کورد و تورک زیاتر لە چالاکڤانانی گرووپە ناسنامەییەکانی دیکەی وەک؛ عەرەب، بەلووچ، گیلەک و هتد، هەوڵ و تەقەلایان

داوە. ژمارە و ڕێژەی بەرچاوی ئەو گرووپە نەتەوەییانەی کە زمانی دایکیان فارسی نییە، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی باسیان کرا، بوونەتە هۆکارێک تاوەکو لەم بوارەدا، لە حکومەتەکانی حەسەن ڕۆحانی و ئیبراهیم رەییسی لانیکەم ببنە مژاری گفتوگۆ و باسیان لێوەبکرێت.

پێدەچێت، کۆمەڵێك گۆڕانکاریی نێودەوڵەتی و ناوچەیی وەک تەشەنەکردنی قەیرانی قەرەباخ (2021)، گشتپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان (2017)، دەسەڵات گرتنەدەستی تاڵیبان لە ئەفغانستان و ...، کە دەبنە هۆی قووڵترکردنی کەلێنە نەتەوەیی و ناسنامەییەکان لە ناوچەکە و بە تایبەت ئێران، لەگەڵ هەوڵ و تەقەلای چالاکڤانانی ناوخۆیی، هۆکاری نەرمی نواندنی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بن لە هەمبەر پرسی فێرکاری و خوێندنی زمانی دایک. هەڵبەت هێشتا ئەوەش روون نییە کە بە کردەوە چارەنووسی پرۆژە یاساکە چی دەبێت و ئەگەر پەسند بکرێت لەکاتی جیبەجێکردندا چی لێدێت وەك چۆن سەرەڕای تێپەڕبوونی چەندین دەیە لە پەسەندکردنی، تازە باس لەسەر ئەوە دەکرێت ئایا ماددەی 15ی دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران جێبەجێ بکرێت یان نا!